بەشی (7):

# دیمانە لەگەڵ "جان ئاپدایك"

و. لە فارسییەوە: كامیل نەجاری

جان هوپێر ئاپدایك (لە دایك بووی 1932) ڕۆمان نووس، چیرۆكنووس و شاعیری ئەمریكی، زۆربەی ناوبانگەكەی بە هۆی نووسینی كۆمەڵە ڕۆمانی كەروێشكییە كە لە چەند ساڵ و لە چوار بەشی جیاواز دا بە ناوەكانی " كەروێشك ڕاكە (1981)"، "كەروێشك دەگەڕێتەوە (1971)"، "كەروێشك دەوڵەمەند دەبێت (1981)" و "كەروێشك وچان دەدا (1990)"، نووسیونی. ئەو كۆمەڵە ڕۆمانە لەمەڕ ژیانی كەسایەتییەك بە ناوی "هێری ئانگستڕام" ناسراو بە "كەروێشك"ـە كە بەسەرهاتی ژیانی ئەو، لە سەردەمی گەنجێتییەوە دەخاتە بەر سەرنج و بە ناو ئاژاوەكانی شەستەكان و ساڵەكانی دواتری ژیانی ئەو دا تێپەڕ دەبێ و سەرئەنجام دەگاتە ساڵەكانی كۆتایی ژیانی.

ئەو ڕەخنەی لەسەر بەرهەمەكانی گەلێك نووسەری بەناوبانگ نووسیوە، لەوانەش: فیلیپ ڕاس، ساڵ بلو، كوت وێنێگات، جوی كرول ئوتس، ئایریس مرداك، ئۆمبێرتۆ ئێكۆ، میلان كۆندێرا، گابرێیل گارسیا ماركێز، ماریۆ بارگاس یوسا و ئیزابل ئالەندێ. ئاپدایك لە شارۆچكەیەك بە ناوی "ڕیدینگ" لە ویلایەتی "پێنسیلوانیا" هاتۆتە دنیا، بەڵام تا تەمەنی سێزدە ساڵی لە شارۆچكەی "شیلینگتۆن" دەژیا. ئاپدایك بە منداڵی بە هۆی نەخۆشیی زمانگیرانەوە زۆری ئازار دەچێشت، بەڵام دایكی هانی دەدا كە بنووسێ. ئاپدایك لە ساڵی 1954 دا زانكۆی تەواو كرد و لە ساڵی 1955ـەوە هاوكاریی خۆی لەگەڵ گۆڤاری نیۆیۆركێر دەسپێكرد و بۆ ئەو گۆڤارە سەروتار و شیعر و چیرۆك و ڕەخنەی نووسی.

ئاپدایك لە تەمەنی 23 ساڵییەوە بە نووسین بژیوی ژیانی خۆی دابین كردوە. یەكەم ڕۆمانی ئاپدایك بە ناوی "پێشانگای بەساڵاچووان" (1959) لەمەڕ كەسانی بەساڵاچوویە كە لە ماڵی بەساڵاچووان دا دەژین. ناوی ئاپدایك بە ڕۆمانە كەروێشكییەكانییەوە بەستراوەتەوە. یەكەم بەرگ لەو كۆمەڵە كتێبە چوار بەرگییە، كە لەمەڕ قارەمانی ناسراوی ئەو واتا "هێری ئانگستڕام" (ناسراو بە كەروێشك)ـە كە وەرزشڤانێكی سویدیی چاوشین و لەبەردڵانە، بە وشەی "ڕادەكات" تەواو دەبێ. لە ڕۆمانی "كەروێشك دەگەڕێتەوە" دا، هێری بۆرژووایەكی گەڕاوەیە كە بە هۆی خەیانەتی هاوسەرەكەی ژیانی لەناو چووە.

لە ڕۆمانی "كەروێشك وچان دەدا" دا، كۆمەڵگای ئەمریكا تووشی گەندەڵی و داڕمان بووە و وایرۆسی "ئایدز" دروست بووە و لەشی كەروێشك هەڵمساوە و سینگی ژان دەكا و هەست دەكا كە لە هەناوی مرۆڤ دا جگە لە فەزایەكی تاریك و ڕەش، هیچ شتێكی تر بوونی نییە.

ئاپدایك تا ئێستا گەلێك خەڵاتی جۆراوجۆری گرینگی بردۆتەوە كە لە نێو ئەوان دا دەتوانین ئاماژە بە خەڵاتی نەتەوەیی كتێب، خەڵاتی بازنەی ڕەخنەگرانی كتێب و دوو خەڵاتی پۆلیتزێر

بکەین. ئاپدایك دوو خەڵاتی پۆلیتزێری بۆ ڕۆمانەکانی "کەروێشك دەوڵەمەند دەبێ" و "کەروێشك وچان دەدا" وەرگرتووە. ئاپدایك لە پاش ئەوەی کە کۆتایی بە بەسەرهاتی کەسایەتیی ناو چیرۆکەکانی خۆی واتا "هێری ئاگستڕام" هێنا، کەسایەتییەکی تری بە ناوی "هێری بخ" خوڵقاند کە تا ئێستاش لە بەستێنی ئەدەبیاتی ئاپدایك دا ئامادەیە.

- چۆن بوو بڕیارت دا ببی بە نووسەر؟

- *دایکم هەمووکات حەزی دەکرد ببێ بە نووسەر و من لە سەردەمی منالیم دا ئەوم لە پشت ماشێنی نووسین دەدیت و ئەگەرچی لە منالیمەوە بە پلەی یەکەم حەزم لە شێوەکاری بوو بەڵام بیری بوون بە نووسەر لە مێشکم دا جێگیر بوو.

- ئەو نووسەرانەی بیچمیان بە شێوازی ئێوە دا کامانە بوون؟

- *هەڵبەت مرۆڤ هەر شتێکی بایەخدار بخوێنێتەوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەگەڕێتەوە سەر شێوازی نووسەرەکەی، بەڵام یەکەم نووسەرێك کە من زۆر حەزم لێی بوو "جیمز سێربێر" بوو. ئەو پێشانی دام کە چۆن بە شێوە و شێوازی ئەمریکی بنووسم و ئەوەی کە چۆن نووسراوەکەم چێژبەخش و ئاوێتەی تەنز بکەم. وابزانم نزیك یازدە ساڵم بوو کە یەکەم جار لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەو ئاشنا بووم. پارەکانم کۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی بەرهەمە نوێیەکەی بکڕم. سێربێر تا تەمەنی هەژدە ساڵی بتی من بوو. من لە تەمەنی دوازدە ساڵی دا وەك یەکێك لە لایەنگرانی شێلگیری ئەو نامەیەکم بۆی نووسی و ئەویش لە بەرامبەر دا یەکێك لە تابلۆکانی شێوەکاریی خۆی کە لە قابیشی گرتبوو بۆ من نارد. لەو کاتەوە بۆ هەر شوێنێك چووم ئەو تابلۆیەم لەگەڵ خۆم بردووە. لە زانکۆش لەگەڵ بەرهەمەکانی شکسپێر و داستایۆفسکی ئاشنا بووم. لەو سەردەمە دا کورتە چیرۆکەکانی "جی.دی.سلینجێر" زۆر بە باشی فێریان کردم کە چۆن دەکرێ بە زنجیرە ڕوداوێك کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکا نییە یاخود پەیوەندییەکی لاوازیان هەیە، چیرۆك دروست بکەین.

کاتێك کە زانکۆم تەواو کرد، هەوڵم دەدا بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەم و هەر بۆیەش دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمی چەند بەرگیی "پرۆست" بە زمانی ئینگلیسی کە "سکات مۆنکرف" وەریگێڕابوو. ئەو دێڕە درێژ و بێ کۆتاییانە، ئەو تێگەیشتنانەی کە پرۆست بە شوێنیانەوە بوو، ئەو هێرشگەلە بەربڵاو و چێژبەخشانەی کە دەیکردە سەر فەلسەفە، هەموو ئەو شتانە بۆ من زۆر سیحراوی دەهاتنە بەر چاو. هەر لەو سەردەمە دا بوو کە بەرهەمەکانی ڕۆمان نووسێکی ئینگلیسی بە ناوی "هێنری گرین" م خوێندەوە. ناوی ئەو ڕۆمان نووسە ئێستا ئیتر لەبیر چۆتەوە بەڵام ئەو بۆ من مامۆستای شێواز لە چیرۆك نووسی دایە. ڕۆمانی "ربیت دەوڵەمەند بووە"، لەگەڵ ئەو ساڵانە مەودایەکی دووری هەیە بەڵام من بە ئیلهام وەرگرتن لە بەرهەمەکانی هێنری گرین، گێڕانەوەی خێرای ئەو ڕۆمانەم داڕشتووە. هەڵبەت لە پشت هەموو تاك بێژییەکانەوە "ئۆلیس"ی جیمز جۆیس وەستاوە. تاك بێژییە دەروونییەکانی "مولی" و "لیۆپولد بلوم"، شێوازێکی نوێ و ڕزگار کەر و شەوق بەخش بۆ کاریگەری دانان لە سەر خوێنەر. بەڵام جۆیس هەناسەیەکە کە من هەڵیدەکێشم. لە کاتێکدا کە پرۆست و گرین و

سلینجێر، وەك نووسەرگەلێك كە منیان هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بردووە لە بیرم دا دەمێننەوە، هەنگاوێك بەرەو ئەوەی كە فێر ببم، كەرەسەكانی چیرۆكەكەم چۆن كۆنترۆڵ بكەم.

• ئێوە جارێك كە لە مەڕ رۆمانی "كەروێشك راكە" دەدوان، وتتان كە نووسینی ئەو رۆمانەتان بە هۆی هۆگریتان بە دراماتیك كردنی هەستی دڵەخورپە و نیگەرانی دەست پێكردووە. بۆچی دڵەخورپە و نیگەرانی لە ژیان دا سەرنجی ئێوە رادەكێشێ؟

• *پێم وایە من لە ساڵی 1959 دا دەمتوانی سەیری كۆمەڵگای دەوروبەرم بكەم و پیاوانی نیگەڕان و دڵگران ببینم. خۆیشم یەكێك لەو پیاوانە بووم كە هەستم بە ترس و دڵەڕاوكێیەكی تایبەت لە ناو دەروونی خۆم دا دەكرد. هەر ئەو پیاوەی كە ئارام ناگرێ و هیچ دەروەستییەكی نییە و دڵەخورپە و نیگەرانیی خۆی لە كۆمەڵگا دا ئاشكرا ناكات، بوو بە كەسایەتییەك بە ناوی "هێری ئانگستڕام". ناوی ئانگسترام، مرۆڤ دەخاتە بیری وشەی فەلسەفی و ئەڵمانیی "ئانگست" لە زمانی ئینگلیسی دا كە بە واتای نیگەرانییە. من ئەو كەسایەتییەم وەك یاریكەرێكی پێشووی بەسكتباڵ هێنایە بەر چاو.

• من لە قۆناغی دواناوەندی دا زۆر سەیری بەسكتباڵم دەكرد و تەنانەت یارییشم دەكرد. هەر بۆیەش پاڵەوانی بەسكتباڵی دواناوەندی بوون بۆ من ناوبانگێكی گەورە بوو و ئەو بابەتە هەموو كات لە زەینم دا بوو چونكە وەك بەشێك لە راستییەكانی ژیانی ئەمریكی ئەوم دیتبوو. هێری ئانگسترام یاریزانێكی بەسكتباڵ بووە كە تواناییەكی تایبەتی لە بواری پاڵەوانی دا هەبووە، باڵای بەرز بووە و تا تەمەنی هەژدە ساڵی كەسێكی سەركەوتوو بووە بەڵام لە ناكاو ژیانی بە ئاراستەیەكی خراپ دا دەڕوات. ئەو كەسایەتییە لەو لایەنەوە خاوەنی تایبەتمەندیگەلێكی تایبەتی بوو، تەنانەت نازناوی "كەروێشك" وەبیر هێنەری ریزێك تایبەتمەندییە. كەروێشكەكان حەیوانگەلێكی ترسەنۆك و پەشۆكاون و حەزیان لەگیا و سەوزەیە. دیمەنێك كە لەو مرۆڤە لە مێشكم دا بوو، دیمەنێك بوو كە تەواو دەستم پێی رادەگەیشت. پەرچەكرداره پووچەڵەكانی، پەرچەكردارەكانی لە كاتی ئاخاوتن دا، هەموو كات بۆ من ئاشنا بوون، رەنگە بەو هۆیە كە ئەو وەك خۆم هەڵس و كەوتی دەكرد.

رەنگە ئەو شتەی كە دەمەهەوێ بیڵێم لە بەر ئەوە بێ كە من زۆررم رۆمان نەخوێندۆتەوە بەڵام من رۆمانێكم لە بیر نییە كە بتوانێ وەك "كەروێشك دەوڵەمەند دەبێ"، لە باوك و كوڕێك رابمێنێ كە لەگەڵ یەكدا ناتەبان و بەسەرهاتەكەیان لە روانگەی باوكەكەوە دەگێردڕێتەوە.

بە بڕوای من ئەوە تۆزێك نائاسایی و ناباویشە. زۆربەی رۆمانەكان لە روانگەی پیاوە گەنجەكانەوە دەگێردرێنەوە و ئەو رۆمانانە لە لایەن نووسەرگەلێكەوە نووسراون كە وێدەچێ خۆیان ساڵیانێك پێشتر هەر هەمان پیاوی گەنج بوون. بەو هۆیەش خوێنەر لەگەڵ زۆربەی باوكەكانی ئەو جۆرە رۆمانانەی باوك ـ كوڕ، هەست بە هاودڵی ناكا. بۆ وێنە بیر لە باوكی كافكا بكەنەوە كە چۆن سێبەری لە سەر هەموو چیرۆكەكانی كافكا هەیە بەڵام هیچكات نازانین كە باوكی كافكا لە سەردەمی گەنجێتیی كافكا دا چ بیر و رایەكی لەمەڕ ئەو هەبووە.

کێشە و گرفتی باوك و کوڕ لە ڕۆمانی "کەرویشك دەوڵەمەند دەبێ" دا، بە شێوەیەکی سروشتی دەرئەنجامی چوونە سەری تەمەنی "هێری"یە. ئەو لەگەڵ منالە بچووکەکان هەڵس و کەوتی باشتری هەیە تا لەگەڵ منالە گەورەکان. بە رای من بۆ هەڵس و کەوت لەگەڵ منالە گەورەکان دەبێ بنەماگەلێکی دیاری کراوت هەبێ، واتا دەبێ شتێکت هەبێ کە بتوانی جۆرێك رێسای تەکوورزی پێوە هەڵواسی، بەڵام هێری ئەو رێسایەی نییە. هەر بەو هۆیەش هێری بۆ نێلسۆن، کوڕە بیست و دوو ـ سێ ساڵەکەی، کەسێکی بێکەڵکە، هێری تەنیا لە چرکەساتگەلێك دا ئەویش بە شێوەیەکی ئاڵۆز و نا ئاشکرا، هەست بە داخ و کەسەر دەکات بەڵام لە راستیدا ئێرەیی بە گەنجێتییەکەی دەبات. ئەو وا دەزانێ کە کوڕەکەی خاوەنی جۆرێك لە ئازادییە کە خۆی هیچ کات نەیبووە و .... بەڵام رەنگە سروشتی بێ کە بە سەرنجدان بە تەمەنی نێلسۆن نابێ چاوەڕوانیمان لێی هەبێ کە وەها کوڕێك لەگەڵ باوکی لە ماڵەوە بمێنێتەوە. رەنگە دایك و باوك بوون سنوورێکی بۆ هەبێ و هێری کە ئەو سنوورەی بەزاندووە و هەست دەکا کە نابێ پەیوەندیی خۆی و کوڕەکەی لەوەی کە هەیە خراپتر بکا. لە هێندێك لایەنەوە بارو دۆخی باوك لەو کێشەیە دا سەنجراکێشترە، چونکە ئەو بارودۆخە خاوەنی دژبەرییەکی زیاترە. لەو پەیوەندییە دا باوك بە نیسبەت کوڕەکەی خۆیەوە هەم ئەوینی هەیە و هەم دژایەتی. باوك هەم رەقیبە و هەم پاسەوان و پارێزەر.

- هۆگریی تۆ بۆ "ژێنێتیك"یش بەلای منەوە کەمێك نائاسایی یە.

- *دایکم و هەروەها باوکی ئەویش زۆر حەزیان لە وێکچوونە بنەماڵەیی یەکان بوو و رەنگە هەر ئەوەش هۆکاری حەزی من بۆ ئەو بابەتە بێت. یەکێك لەو شتانەی کە من هەوڵم داوە پێشانیان بدەم، توانایی و هێزی "ژێن"ـەکان بوو. واتا ئەوەی کە نێلسۆن کوڕی هێرییە بەڵام نێلسۆن دایکیشی هەیە و هێری زۆر باش ئاگاداری ئەو بابەتەیە. بۆ وێنە سەیری دەستەکانی نێلسۆن دەکات و دەبینێ کە ئەو خاوەنی دەستەکانی دایکێتی. نێلسۆن باوکێکی باڵابەرزی هەیە بەڵام لە بێ بەختی ئەو، بۆخۆی کورتەباڵایە. بە وتەیەکی تر، ئەو رۆمانە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی میراتگرییە. بە گشتی ئەوە شتێك نییە کە تۆ بتوانی هاوشێوەی لە رۆمانێکی تر دا بدۆزیوە. ژمارەیەك لە کتێبەکانی "ئان تایلۆر" هەوڵ دەدەن کە بنەماڵە هەم وەك دەزگایەکی سەربەخۆ پێشان بدەن و هەم وەك کۆمەڵێك لە تاکەکان. بۆ وێنە رۆمانی "بە شوێن کیلب دا" وەهایە. بۆ نووسەرە گەنجەکان، ئێستاکە بنەماڵە ناوکییەکان بە راستی بوونەتە ناوکی. بنەماڵەی ناوکیی واتا خۆت و دایکت و رەنگە باوکیشت، ئەگەرچی زۆربەی کاتەکان باوك لەوێ نییە. لە وەها بنەماڵەیەك دا کاتێك دێیتە سەر باسی شوناسی خۆت، دەبینی هیچت لە باراندا نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە بنەماڵە بەربڵاوە سوننەتییەکان دا، کە بە زۆری لە گوندەکان و شارە بچووکەکان دەبینرێن و منیش لە یەکێك لەو بنەماڵانە دا گەورە بووم، تۆ ئەگەر لە بنەماڵەیەکی خانەدان بوایەی، دەتتوانی باب و باپیرانی خۆت بە لانی کەم تا باپیرت و تەنانەت ئەولاتریش بدۆزیوە.

- بەم دواییانە رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز، لە ناو رەخنەگرانی خۆیدا لە مەڕ باشترین رۆمانی ئەمریکی لە 25 ساڵی رابردوو دا، راپرسییەکی کرد کە کۆمەڵە رۆمانە کەرویشکییەکانی ئێوەش لە ناو رێزی رۆمانە هەڵبژاردەکانی رەخنەگرانی نیۆیۆرك تایمز دا بوون.

- *من ئاگادار نیم
- حەز ناکەم کە ئەو هەواڵە بە ئێوە بدەم کە ڕۆمانی ئێوە پلەی یەکەمی وەدەست نەهێنا.
- *سەیر کە، هەر شتێك کە.....
- وابزانم ڕۆمانگەلی کەرویشکیی ئێوە لەگەڵ "مەداری خوێن" بەرهەمی "کورمەك مەکارتی" پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.
- *دیسانیش من و کورمەك کەوتینە لای یەکتر. من هیچ کات نەمتوانی کتێبەکانی بخوێنمەوە. لێرە دا بێگومان من دۆڕاوم بەڵام سێهەم بوون باشترە لە هیچ.
- هیچکات بیرت لەخانە نشین بوون کردۆتەوە؟
- *من گەیشتوومەتە تەمەنێك کە هەموو هاوتەمەنەکانم خانە نشین بوون. نووسەر ئیش بۆخۆی دەکات. کەس نییە پێت بڵێ کاکە کۆی کەوە و بڕۆ. ئەوەش خۆی نیعمەتێکە.
- ئێستا ئەگەر بتهەوێ خانە نشین بیت، چۆن ئەو کارە دەکەیت؟ بە رای من هێور هێور نووسین وەلا دەنێی.
- *هێور هێور نووسین وەلا دەنێی. نووسراوەکانت دەگەڕێنەوە. ئەو کەسەی بە بەرهەمەکانت دا دەچێتەوە، کۆڕی پڕ لە شەرمەزاری لەمەڕ بەرهەمەکانت دەگرێ و لە ئاکام دا خۆت بەو دەرئەنجامە دەگەی کە پیر بووی. بەڵام من ئێستا بە تەما نیم خانە نشێن بم و تا ماوەیەکی تریش درێژە بە نووسین دەدەم.
- من هەست دەکەم کە تۆ لە دە پازدە ساڵی رابردوو دا، هەمیشە بێقەرار و بە شوێن شتێك دا بووی و لە نووسینی کتێبگەلی ئاپدایکیی تایبەت بە خۆت ئەولاتریش رۆیشتووی. تۆ لە ژانرەکانی ریالیسمی جادوویی و زانستی ـ خەیاڵی دا چیرۆکت نووسیوە.
- *من هەمیشە لە لای خۆم وام بیر دەکردەوە کە دەبێ ساڵێ کتێبێك بدەمە دەرەوە و بە رای من ئەو بۆچوونە بۆ من وەك نووسەرێك، باشتر لەوەیە کە مرۆڤ وەك هێندێك نووسەری ئەمریکیی تر، بۆ وێنە "نۆرمەن میلێر"، ـ هەڵبەت نۆرمەن میلێری بەڕێزـ خۆی وەك قەشە ـ پێغەمبەر ببینێ. من ئێستا لە سایەی بوونی دەرمانی نوێ و شێوازی مۆدێرنی ژیانی پرۆتستانەکان، ئەوەندە ژیاوم کە بتوانم رۆمانگەلی جۆراوجۆر بنووسم. بەو پێیە نووسەر بە شوێن ئەو شتانەوەیە کە بۆی سەرنجڕاکێش بن و تەنانەت گرفتی بۆ ساز کەن و بەو شێوەیەش جیهانێکی جیاواز بخوڵقێنێ. کتێبی "جووتەکان" تاقە کتێبی پڕفرۆشی من بوو. ئەو رۆمانە لەمەڕ ژیانی بنەماڵە ئەمریکییەکانی شەستەکان بوو. من هەستم دەکرد کە لەو بوارە دا شتێکم بۆ دەربڕین پێە.

کاتێك کە مناڵ بووم هەمیشە هەستم دەکرد کە خەریکە رووداوگەلێك لە ناو ماڵی ئێمەدا روو دەدا و لە ناڕەزایەتیی دایك و باوکم و ئەو کێشەگەلەی کە لە ناو ماڵماندا هەبوو، بەو شتەم دەزانی. ئەو رووداوانە ئاڵۆزتر لەوە بوون کە چیرۆك بتوانێ پێشانیان بدا. هەر بۆیەش من

نووسینی رۆمانی "جووتەکان" م بەو گریمانەیەوە دەست پێکرد کە لە مەڕ ژیانی بنەماڵەیی دا، گەلێك قسە بۆ دەربڕین هەیە و ئەوەی کە من دەتوانم لە گۆشەنیگایەکی ترەوە ئەو شتانە دەرببڕم. بەو پێیەش من هەموو کات هەوڵمداوە کە شێوازی ئیش کردنم بگۆڕم. من حەز دەکەم مادام کە دەتوانم گۆرانی بڵێم، ئاوازەکەم بگۆڕم، چونکە خۆ من تا هەتایە ناتوانم گۆرانی بڵێم.

*********

Rojhalat